## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٥٠) لە ٢٠٢٢/٦/٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری بەڕێز سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، و ئاماژە بە کونووسی هاوبەشی تیمی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم ژمارە (١٣٤) لە ٢٠٢٢/٥/٩ ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٣) لە ٢٠٢٢/٦/٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و لیژنەی پێکهاتوو لە بڕگەی (٢)ی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٢/١/١٢ بۆ یەکلاییکردنەوەی بابەتی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی لە هەرێمی کوردستان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە دەستوورییەکانی هەرێم.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بە هەماهەنگی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کە لە چوارچێوەی ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە و بە پشتبەستن بە ماف و شایستە داراییەکانی جێگیرکراو بەپێی دەستوور، بەدواداچوون بۆ بەدەستهێنانی شایستەکانی هەرێم بکەن. بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگی لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان بکرێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، و پەرلەمانی کوردستانیش ڕۆڵی خۆی لەم بوارەدا بگێڕێت.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**